

# مارتن هایدیگەر

## جادووبازەکەی مێسکرش

تۆماس ڕینگ

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد



**لە وەرزی خوێندنی (هاوینی 1942)دا، ئەو ساڵەی سوپای شەشەم بەرە و ستالینگرد پێشڕەوی دەکرد، هایدیگەر دەرسگوتارێك لەمەڕ هۆڵدەرلین و سرودەکەی دەربارەی (دانوب) پێشکەش دەکات. لەو دەرسگوتارەیدا بەتوندی جەخت لەوە دەکاتەوە کە خۆرئاوا لەبەردەم مەترسیی گەورەدایە**

بەلای هەندێکەوە هایدیگەر پادشایەکە لە شانشینی هزردا و بۆهەندێکی دیکەش، تاوانبارە دەرهەق بە فیکر.

هایدیگەر ساڵی 1889 هاتۆتە دنیاوە و ساڵی 1976 کۆچی دوایکردووە، وەلێ هەتا ئێستاش مشتومڕ و قسەوباس لەبارەیەوە بەردەوامە.

هەنوکە هەڵلاکە لەسەر ئەوەیە کە ئاخۆ لایەنگیری ئەو بۆ نازیزم، بەرهەمی کەموکوڕییەکی شەخسییە، یاخود بەرهەمی فەلسەفەکەی و ئاقاری بیکردنەوەیەتی. (دۆیچ)ی شانۆنووس، ئەگەری دووەم بە ڕاستتر دەزانێت. واتە لایەنگری هایدیگەر بۆ نازیزم لای ئەو، بەرهەمی فەلسەفەکەی و ئاڕاستەی بیرکردنەوەیەتی، نەک شتێکی دی.

بە ماوەیەکی کەم بەرلەوەی جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی بێت، هایدیگەر لە شاری وێرانبووی فرایبۆرگ هەڵدێت، لەترسی ئەوەی نەبادا بانگهێشت بکرێت بۆ بەشداربوون لە بەرگریی میللی و ڕوودەکاتە ماڵی براکەی لە مێسکرش. وەلێ لەوێشدا ژیان و دەستنووسەکانی (سەرباری شاردنەوە و هەڵگرتنیان لە هەشت باوەڵدا، هەر لە مەترسیدا دەبێت). مەترسیی هێرشی ئاسمانیی فڕۆکەکانی ئەمریکا.

هایدیگەر لە کۆشکی (هاوزن)، لە ماڵی شازادە دۆگلاس کە دەکەوێتە (بیرون) بەسەر لوتکەی شاخێکەوە و بەسەر ڕوباری دانوبدا دەڕوانێت، توانی ژیانی خۆی و دەستنوسەکانی بپارێزێت. هەر لەو شوێنەدا قەڵای (ڤلدنشتاین)یشی لێیە و ئەوێش بووبووە پەناگەی چەندین خوێندکاری بەشی فەلسەفە. کۆشکی (هاوزن) بە تەنهایە لەنێو ئەو دارستانەدا کە ڕوباری دانوب بە بەردەمیدا ڕەت دەبێت و داری سەروو دەوریداوە و قەڵاکەش بە پایە و دیوارە تۆکمە و بەرزەکانیەوە، لەوێدا بەپێوە ماوە.

سروشتی ئەو شوێنە، بەپێی زەوق و سەلیقەی پادشای ئەفسانەیی (لۆدڤیك) ڕێکخراوە. ئەوێ نیشتمانی هایدیگەر و سەرزەمینی هۆڵدەرلینە، ئەو شاعیرەی گرێی زمانی هایدیگەری کردەوە و لەدڵیشیدا ئەو وەهمەی چاند کە: (جێرمانیا ڕۆحی گەلێکی پیرۆزە).

لە وەرزی خوێندنی (هاوینی 1942)دا، ئەو ساڵەی سوپای شەشەم بەرە و ستالینگرد پێشڕەوی دەکرد، هایدیگەر دەرسگوتارێك لەمەڕ هۆڵدەرلین و سرودەکەی دەربارەی (دانوب) پێشکەش دەکات. لەو دەرسگوتارەیدا بەتوندی جەخت لەوەوە دەکاتەوە کە خۆرئاوا لەبەردەم مەترسیی گەورەدایە: **«ئێمە لەمڕۆدا دەزانین، ئەمریکا بڕیاری وێرانکردنی ئەوروپای داوە، ئەوەش بەمانای وێرانکردنی نیشتمان و تێکوپێکدانی ڕابوونی خۆرئاوا دێت). بەڵام خۆرئاوا کە لە بەردەم مەترسییەکی وەهادایە، خەمساردانە سەیری مەسەلەکە دەکات و بێباکە.**

**خۆرئاوا بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی سەعاتی بەخت دەکات، بەڵام لەبری سەعاتی بەخت و سەرفرازی، سەعاتی سفر دەست پێدەکات. بەوەش هایدیگەر و خەڵك و خوای ناو کۆشکەکە، دەکەونە دۆخێکی دژوارەوە.**

**بنەماڵەی شازادە لەقاتی خوارەوەدان و شازادە (ڤۆن زاکسن ینینکن)و هاوسەرەکەی کە لە (شلیزین)ەوە هەڵهاتوون، لەقاتی یەکەمدان. هایدیگەر لە هەورەبانەکەدا دەبێت، بەڵام لە کۆتایی مانگی نیسانی *1945* لە کونێکدا خۆی دەشارێتەوە کەخۆی هەڵی کەندووە، تا لە لەشکری هەڵهاتوی نازییەکان و لەپێشڕەوی کردنی سوپای فەرەنسا، خۆی بشارێتەوە».**

جەخار بۆ (تۆماس بێرنهارد) کە لە ژیاندا نەماوە، تا تۆماری قسەی ئەو شەوە ترسناکەی نیسانمان بۆبکات کە لەنێوان بیرمەندێکی ئەڵمانی و شازادەیەکی ئەڵمانیدا ڕوویداوە. دەبێت ئەو ساتانە، تێکەڵەیەك لە گاڵتەجاڕی و ترسی دروستکردبێت. گاڵتەجاڕیی گەمەی دێرینی هندییە سورەکان و ترسێکیش بەڕوونی لە دوژمنێك کە بەڕێوەیە، هەروەها ترس لە دیلە ڕووسەکان لە کەمپی (هۆیبرك) و ترس لە ئایندە. شتێك لەو ترسە پەتییەی مرۆڤ کە هایدیگەر لە کتێبە فەلسەفیەکەیدا (بوون و کات) باسی کردووە.

لەوێدا هایدیگەر ترس بە بنەمایەکی سەرەکیی بوون دادەنێت. بەڵام لەپرێکدا ئەوە کۆتاییدێت و ڕوسەکان نایەن، ئەوەش ئومێدی گەڕانەوەی دوو کوڕەکەی پێدەبەخشێت. هاوکات فەرەنسیەکانیش گرنگییەکی ئەوتۆیان بە دەستنووسەکانی نەدا، دوای ئەوەی لە بەکارهێنانی وەك پەرەسێگار نائومێدبوون. ئیدی وەك ئەوە وابوو، سەردەمێکی ناڕاستەقینە دەستپێکردبێت. دوای هەرا و زەنای جەنگ، ئارامیەکی شێوە نا-دنیایی بەرقەراربوو. شازادە (ڤۆن ماینیکن) بیری دەکەوێتەوە و دەڵێت: (بۆ یەکەمجار ژیان بەدڵنیاییەوە گەڕایەوە بۆ دار نارەوەنە بەرز و بڵندەکان، لەژێر سێبەری قەد و لقەکانی ئەوانیشدا، گوڵێکی بێشوماری بەهاریی گەشانەوە، ناوبەناو گوزەرانمان وەهابوو، وەك ئەوەی لەوپەڕی دونیادا بین و خەم و ماندووبوونەکانیشمان، لەئاست ئەو بێدەنگییە سەرتاسەری و ئەو جوانییەی دەوری دابووین، بەبادابێت). مارکۆت ڤۆن ماینیکن کە پێشتر هایدیگەر لەماوەی دەرسگوتنەوەیدا لە فرایبۆرگ ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکردبوو، دڵنیایە لەوەی وەرگۆڕانێکی قوڵ لە ڕەوتی بیرکردنەوەیدا- لەکۆشکی هاوزن، بە بەرزی ئەوشاخەوە، ڕوویداوە. ئەوەی دواتر هایدیگەر ناویدەنێت «گەڕانەوە»، ڕەنگە لەو چەند مانگەدا لەخۆی ڕوویدابێت. دەرەنجام: (لەترس گەورەتر، هەقیقەتی سروشتە).

چەند مانگێك دوای جەنگ، هایدیگەر بە شێوەیەکی یەکجارەکی، دەستبەرداری نووسینی دووەم بەشی کتێبە ڕەشبینیەکەی (بوون و کات) دەبێت. ئەو کتێبەی باس لە حەتمیەتی بوونی مرۆڤ و تورڕهەڵدانی بۆناو جیهانێکی نادیار دەکات.

ڕۆژانی بەهار لە نزیك کەنارەکانی ڕوباری دانوب بەسەردەبات. زۆربەی کات لەگەڵ شازادەدا دەچێت بۆ پیاسەکردن، یاخود لەگەڵ منداڵەکانیدا یاری دەکات. سەروەختێك خۆی بۆ تۆپ هەڵدەدات، شازادە بیردەکاتەوە و دەڵێت: (ڕێك ئاواش خۆی بۆ ئایدییاکان هەڵدەدات. لە سەروەختی گەشت و گەڕانەکانیاندا، کاتێك گەڵایەك لێدەکاتەوە و لەتی دەکات، بەرلەوەی دیقەتی لێبدات، داڵغەی دەڕوات و بیرکردنەوە دەیبات. هیچ شتێک وەکو خۆی نابینێت، چونکە چاو و بینینی ئەو روو لە ناخی خۆی بوون).

لەو چەند هەفتە ئارامەدا، هایدیگەر سەرلەنوێ زیندوودەبێتەوە و هەستی ئینتیمابونی بۆ گەردوون تێدا سەوزدەبێتەوە و حەزدەکات نمونە قسەیەکی پیتەر هیبڵ- یەکێك لە نوسەرە دڵخوازەکانی- بێنێتەوە کە دەڵێت: (ئێمەمانەوێت یان نا، ئێمە ڕووەکین و بۆ ئەوەشی گەشەبکەین و گوڵ دەرکەین، پێویستە ڕەگەکانمان بەناخی زەویدا ڕۆبچێت).

ئەو بەوجۆرە مەسەلەکەی دەبینی.
مرۆڤ ڕەگ و ڕیشەی بەزەوییەکدا دادەکوتێت کە جیاوازە لە زەویی لۆژیك- زەوییەك ڕۆح لەیاد دەکات-، ئەو زەوییەش پێویستیی بە ڕەسەنایەتیی ئینتما و بڕوابوون بەو ژینگەیە هەیە کە متمانەی پێیەتی و دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم کردووە. تەنها بەو چەشنەش دەتوانێت، خۆی لەبەردەم هێزە زەبەلاح و غەوارەکاندا ڕابگرێت کە بریتین لە هێزی تەکنۆلۆژیا و پەرگیری و (بەبڕوای هایدیگەریش ئەوە لە ئەمریکانیزم و بەلشەفیزمدا)، خۆی بەیان دەکات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کۆتاییەکانی ساڵی 1945 (نە سەرەتا بوو نە کۆتایی)، بەڵکو ئێستێك و وچانێك بوو لەماڵی شیعردا. ڕایخی سێیەم پەراوێزێکە لە مێژووی بووندا و هەرچییەکیش تا ئێستا لەو مێژووەدا ڕوویدابێت، جگە لە سەرەتایەك بۆ هەنوکە و بۆ داهاتوو، شتێکی دیکە نییە. لەو مێژووەشدا لە ئەڵمانیا شتێك دەقەومێ.

زۆر نابات هایدیگەر لەو خۆخواردنەوە و بێزارییە قوتاری دەبێت. لە 27- حوزەیرانی- 1945 کوشکی (هاوزن)، پێشوازی لە چەندین میوان دەکات. ئەوە ئاهەنگێکی هاوینەیە لای شازادە و پرۆفیسۆرەکان لە قەڵای «فیلّد نشتاینەوە» دێن، هەروەها چەند ئەفسەرێکی سوپای داگیرکاری فەرەنسایش ئامادەدەبن.


Martin Heidegger

میوانەکان بە جلوبەرگی ئاهەنگی فەرمییەوە دەردەکەون و خوشکی شازادەش، پیانۆ دەژەنێت. لە کۆتایی ئاهەنگەکەشدا پرۆفیسۆر مارتن هایدیگەر، وتەیەك پێشکەش دەکات. لە وتارەکەیدا بەشێك تەرخان دەکات بۆ بابەتە دڵخوازەکەی خۆی: (هۆڵدەرلین، ڕوباری دانوب و ئەڵمانیا). دروشمەکەشی دەستەواژەیەکی هۆڵدەرلین دەبێت کە دەڵێت: (هەمووشتێك لە ئێمەدا، بەدەوری هزردا خول دەخوات. هەژارکەوتوین، بۆخاتری ئەوەی دەوڵەمەند بین).

ئەڵمانیای سەرەکی، دەبێت بەچوار پارچەوە. دوو کورەکەشی لە کەمپی دوژمنی سەرکەوتودا، بەدەست برسێتیەوە دەناڵێنن. هەژاری بە شێوەیەکی ترسناك لە وڵاتدا بڵاوبۆتەوە. لەوەش خراپتر بڵاوبونەوەی ماڵوێرانییەکانی ئاوشڤیتزە. بەڵام هایدیگەر گوێ بە هیچ یەك لەوانە نادات و دەربەست نییە. پێشبینیەکانی- بە تۆنی دەنگی ئەو حیکایەتخوانانە باس دەکات کە چیرۆکی خورافی لەبەردەم ئامادەبوانی ئەو ئاهەنگە خنجیلانەیەدا دەگێڕێتەوە کە لە کۆشکی هاوزن ئامادەن-و باس لەوە دەکات قۆناغێکی مێژویی تازە بەرێوەیە و مرۆڤایەتیش لەسەرەتاکانی ئەو قۆناغەدان. ئەڵمانیاش لەو سەرەتا مێژوییەدا، ڕۆڵێکی تایبەتمەند دەگێڕێت. ئەو دەستەواژەیەی بەشێوازی جۆراو

جۆر لەسەر زاری بوو، ئەمە بوو:
(تەنها لەڕێی گەلی ئەڵمانیەوە، مێژووی جیهانی دەتوانێت، ئاهێکی بەبەردابێتەوە و دەستپێبکاتەوە). تەنها ئەوان وەك (گریکەکانی سەردەمی مۆدێرن)، شاعیران و بیرمەدانی سەرمەدی، دەتوانن لەبەردەم دەسەڵاتی تەکنۆلۆژیادا خۆیان ڕابگرن و بەگژ هەژموون و دەسەڵاتەکانیدا بچنەوە.

چەند ڕۆژێك دوای ئەو قسانەی، بۆ دۆستێکی دەنوسێت و دەڵێت: لەئێستادا هەموان بیر لە ئاوابوون و پوکانەوە دەکەنەوە، بەڵام ئێمەی ئەڵمانی نابێت بکوژێینەوە و ئاوابین، لەبەرئەوەی هێشتا ئێمە هەڵنەهاتوین و بەرلەوەشی هەڵبێین، پێویستە شەو تێپەڕێنین).

شەویش تا دێت بەتایبەت لەو نزیك دەبێتەوە. سەروەختێك لە هاوینی 1845 لە (هاوزن)ەوە گەڕایەوە بۆ فرایبۆرگ، لەوێدا خەڵك و خوا لە چاوەڕوانی پیاوێکدا بوون گومانی ئەوەی لێدەکرا، تاوانی سیاسیی ئەنجامدابێت.

هەڕەشەی ئەوەی لەسەربوو ماڵ و کتێبخانەکەی دەستی بەسەردا بگیرێت، هاوکات (لیژنەی پاکتاوکردن) لە زانکۆ دەستبەکاربوو بە مەبەستی کردنەوەی ڕیزی مامۆستایان، لەوانەی نازیزست بوون. چەندین مانگ لێرە و لەوێ تۆمەتی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، قسەی لێوەردەگیرێت و پاساو دەهێنێتەوە و پەشیمانی نیشاندەدات.

لەو ماوەیەدا هایدیگەر بەرگریەکی بێ هاوتا لەخۆی دەکات، وەلێ هیچی بە دەردی نایەت. بەری چەند ڕۆژێك لە کرسمسی 1946 ڕاپۆرتی یەکێك لەشارەزاکان (کارل کاسبەر)، کۆتایی بە مشتومڕ و بێنەو بەردەیەکی دور و درێژ هێنا. ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو، گورزێکی کوشندەی لە هایدیگەر دا. (ڕەوتی فیکری هایدیگەر کە خەسڵەتێکی ئاڵۆز و دیکتاتۆری و ناسەربەخۆیانەی هەیە، کاریگەری زۆر خراپ لەمڕۆدا جێدێڵێت). وەلێ کارل کاسبەر داوای لێبوردنی خۆی لێ قبوڵ دەکات و لەوێدا هایدیگەر دەڵێت: (لە بنەڕەتدا من کەسێکی سیاسی نەبووم و بانگەشەکردنیشم بۆ سۆسیالیزمی نیشتمانی، هیچ پەیوەندی بە سۆسیالیزمە نیشتمانیە باوەکەوە نییە)، بەڵام کارل کاسبەر بەخوێن ساردیەکەوە وەڵامی دەداتەوە و وەڵامدانەوەکەشی نمونە هێنانەوەیە، بە دەستەواژەیەکی ماکس ڤیبەر کە دەڵێت: (ئەو منداڵانەی گەمە بە پێچکەکانی مێژوودەکەن، خۆیان توشی قەڵبەیەك دەکەن).

هایدیگەر پۆستەکەی لە زانکۆ لەدەستدەدات و مافی وانەوتنەوەی لێدەسێنرێتەوە. بەمهۆیەوە توشی نائومێدی و بێزاری دەبێت. ساڵی 1946 بۆماوەی چەند مانگێك لە نەخۆشخانەی دەرونی (بارن ڤایلەر)، لەژێر چاودێری چارەسەری سایکۆسۆماتیك (دەرونی-جەستەیی)دا دەبێت.



**هایدیگەر:**

**لە بنەڕەتدا من کەسێکی سیاسی نەبووم و بانگەشەکردنیشم بۆ سۆسیالیزمی نیشتمانی (نازیزم)، هیچ پەیوەندی بە سۆسیالیزمە نیشتمانیە باوەکەوە نییە**

نەیارەکانی و بەر لەوانیش هاوڕێ و خوێندکارەکانی خوازیاری ئەوەن داڕوخاندنی، بێتەمایەی ئەوەی واز لەخود پەسەندی بێنێت.

هەموان چاوەڕوانی ئەوەن دەرونی ئارام بێتەوە و دان بە گوناهەکانیدا بنێت. ئەوێک کە سەردەمانێك جادوبازێك بوو، ئەوەش وایکرد زۆرێك لە خوێندکارە گەنجەکانی گومڕابکات.

بەڵام هایدیگەر بەدرێژایی تەمەنی هیچی نەوت، جگە لەو دەستەواژەیە نەبێت کە سەرسەختی پێوەدیارە و دەڵێت: (هەرکەسێك ئایدیاکانی مەزنبوون کە کەوتە هەڵەوە، ئەوا بێگومان هەڵەیەکی گەورە دەبێت). زۆرێك لە وبڕوایەدابوون هەڵەکردن پرسێکە دەشێت لێی خۆشببین، وەلێ بێدەنگی نا.

هێربرت مارکۆزەی قوتابی، دەستبەرداری بوو. هانس یۆناسی فەیلەسوفیش کە زۆر لە ژێر کاریگەری هایدیگەردابوو، سەروەختێك دەچێت بۆلای، نە دڵی دەداتەوە و نەسەرەخۆشی لێدەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکییەوە کە لە کۆمەڵکوژیەکەی ئۆشڤاتیزدا تیاچووبوو. تەنها یەك کەس لە هایدیگەر بورا، ئەو کەسەش هانا ئارێنت بوو کە هەم خوێندکار و هەم خۆشەویستیشی بوو. (تەنها بڕوا بوون، بەتەنهایەك کەس). ئەوە قسەی هانا ئارێنتی تەمەن هەژدە ساڵان بوو، بۆ مامۆستا و خۆشەویستەکەی کە حەڤدە ساڵ لەخۆی گەورەتربوو. ڕەنگە ئەو بیرمەندەی هێندەی نەمابوو ببێتە قەشەیەك، ئەو ئامێرەی شك نەبردبێت تائەو ئاماژانەی پێ تۆمار بکات. ئاماژەیەك کە بوون دوچاری مەترسی دەکات و ئەو مەترسیانەش لەدنیای ویژدان و هەست و سۆزەوە دێن.

لەکتێبی (بوون و کات)دا کە ڕەشنوسەکەی ئەو وەختە نوسی لە (ماربۆرگ) بوو، بەدرێژایی باس لە دڵەڕاوکێ و ترس و مردن دەکات. هەرچی ئەوینداریشە کە یەکێکە لە پێکهێنەرە ویژدانیەکانی مرۆڤ، بایەخ و گرنگی پێدانی بەشێویەکی لاوەکی بووە. هانا ئارێنت لە هاوینی 1925 زانی هایدیگەر وێڵی دەکات. ئەو کچە دڵشفتەیەی هەر ئەویندار بوو، بەخەمناکی چوو بۆ هایدڵبێرگ و بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێنا. پاشان ڕویکردە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێدا بوو بە توێژەرێکی ناودار.

سەرباری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ فرایبۆرگ و ئەوەش بوێرییەکی زۆری دەوێت. کاتێك ساڵی 1949 بۆیەکەمجار دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا، نامەیەکی کورت بۆ هایدیگەر دەنێرێت و داوای بینینی دەکات، ئەویش دەست بەجێ دەگاتە لای.

لە ژوری ئەومیوانخانەی لێی دابەزیووە، دیمەنێکی تراژ- کۆمیدی ڕودەدات، لەبەرئەوەی هایدیگەر زۆر بەئاسایی دەیەوێت ئەو پردی پەیوەندییە دروست بکاتەوە کە بیست و پێنج ساڵ بوو پچڕابوو. بەبێ گوێدانە ئەوەی لە ماوەی ئەو چارەکەسەدەیەدا ڕویدابوو. بەڵام دواجار کەدەزانێت هەوڵەکەی بێ ئەنجامە، دەگەڕێتەوە لای هاوسەرەکەی و دڵی خۆی بۆدەکاتەوە و هەرچی هەیە باسی دەکات. بەوەش هاوسەرەکەی توشی ئیرەییەکی کوشندە دەکات (ئیرەیی بردن بەهانا ئارێنت).

هایدیگەر چەند جارێك سەردانی هانا ئارێنتی خۆشەویستی دەکات و بەنامەو پۆست کارت و دەستنوس، هەراسانی دەکات. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت، جارێکی تر دڵی بەلای خۆیدا ڕابکێشێتەوە. هانا ئارێنت دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هایدیگەریش دەچێتەوە بۆلای هاوسەرەکەی. لەمیانەی هەموو ئەو هەرا و زەنایەدا، ئەو دوو عاشقە کۆنە، بەڵێنێکی نوێ بەیەکتری دەدەن. هانا ئارێنت لەنامەیەکدا بۆ یەکێك لە دەستە خوشکەکانی دەنوسێت: (قسەمان پێکەوە دەکرد، وەك ئەوە وابوو یەکەمجاربێت لە ژیانمدا).

گفتوگۆ و قسەکردنیان لەڕێی نامە ونامەکارییەوە بەردەوابوو. بەڵام وەك نامەکانی پێشوتریان، نامەکانی دوای جەنگیش بەشاردراوەیی لە شوێنێکدا هەڵدەگیرێن. ڕەنگە ئەو نامانە چاکترین

بەڵگەیەك بن بۆ تێگەیشتن، لەتوانای بیرکردنەوەی هایدیگەر، لەو قۆناغەدا. وەلێ ئەو نامانە هەرگیز ناخرێنە بەردەستی خوێنەران. (خوێنەر دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت کە ئەم وتارە پێش بڵاوکردنەوەی نامەکانی هانا ئارێنت و مارتن هایدیگەر نوسراوە، چونکە دواتر ئەو نامانە ئاشکرابوون و بەچەندین زمان چاپکرا و بڵاوبووەوە. و. کوردی). هێرمەن کوڕە بچوکی مارتن هایدیگەر، ڕێك و ڕاست ڕایگەیاند (ئەو نامانە بڵاونابنەوە). هێرمەن سەرهەنگێکی خانەنشینە و میراتگری ئەو دەست نوس و بەرهەم و نامانەیە کە لەدوای باوکی بەجێماوەو بەردەوامیش بەرگری لە باوکی دەکات. لەو ماوەی دوایدا لە کۆڕێکدا لە زانکۆی فرایبۆرگ کاتێك هێرش دەکرێتە سەر هایدیگەر، خۆی پێڕاناگیرێت و بەدەنگی بەرز ڕودەکاتە ئامادەبوان و دەڵێت: (بوختان و درۆیە). سەروەختێکیش قسە هاتە سەر مەسەلەی هانا ئارێنت، دەموچاوی لێك ناو نیشانەی بێزاری بە سیمایەوە دیاربوو.

بێگومان هایدیگەر ڕایسپاردبوو هەندێ لەنامەکانی بڵاوبکاتەوە، وەلێ نامە و نامەکارییەکانی لەگەڵ هانا ئارێنتدا، شتێکی ئەوتۆی تێدانییە بۆ بڵاوکردنەوە بشێت. هێرمەنی کوڕی وادەڵێت. واچاکە خەڵك و خوا ئەو شتانە بخوێننەوە کە چاپکراون و لەبەردەستدان، نەك چاوەڕێی خوێندنەوەی شتە چاپنەکراوەکان بکەن. لەو ئاهەنگەی لە مێسکرش سازدرا، لەڕیزی پێشەوەدا هێرمەن قنج و قیت دادەنیشێت، بەگوتاری شارەداری ئەوێ کەمێك ڕوگیردەبێت. بەڵام لەدڵی خۆیدا بەباوەڕێکی بەهێزەوە دەڵێت: (بیرکردنەوەی باوکم بونی خۆی دەسەلمێنێ، ئەم هەرا و هوریایەش بیردەچێتەوە و کۆتایی دێت). بەم پێیە هەرگیز پێویست بەوەناکات، خۆمان بەپرسی دەرگیربوونی لەگەڵ نازیزمدا خەریك بکەین، یان قسە لەو سیاسەتی بێدەنگیە بکەین کە پەیڕەوی کردبوو. تۆما هاوف (قەسابێکی گەنجە)، بەشێوەیەکی زۆر ئاسایتر سەیری مەسەلەکە دەکات. پازدە جار بەڕێگای (ڤیلد فیگ)دا دێت و دەچێت و کتێبەکەی (ڤیلد فیگ)یشی بەدەستەوەیەو هەرجارەو شتێکی تازەی بۆ دەردەکەوێت. (ڕئالو) پیاوێکی خۆش مەشرەبە لە دەزگای مارتن هایدیگەر، ڕونکردنەوەیەکی سادە و ساکار دەربارەی هۆکاری بێدەنگی خاوەنی (بوون و کات) لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە دەدات و دەکرێت بەپێی پرانسیپێکی دایکی کورتی بکەینەوە کە لە ژیاندا





**هایدیگەر زۆر زوو لە کایەی فەلسەفیی فەرەنسیدا کاریگەری بەجێهێشت و شوێنی خۆی کردەوە، زوتریش زانکۆی فرایبۆرگ ئیعتیباری بۆ گێڕایەوە و بەوەش توانی لەوەرزی خوێندنی زستانەی ساڵی 1950دا، سەرلەنوێ دەست بەوتنەوەی دەرسگوتارەکانی بکاتەوە**

هەبووە و دەڵێت: (هیچ مەدرکێنە، بێدەنگ بوون هەمووشت دەسڕێتەوە).

حاڵی ئەڵمانەکان لەگەڵ مارتن هایدیگەردا بەمجۆرەبوو. بەتایبەت میدیاکە هایدیگەر قەرەی نەدەکەوت. ژیانێکی گۆشەگیرانە دەژیا، لەنێوان ماڵەکەی لە فرایبۆرگ و لەگەڵ کوختە دورە دەستەکەی لە دارستانی ڕەشدا کە نە تەلەفۆنی تێدابوو، نە ئاو . ژمارە تەلەفۆنی ماڵەوەشی لە فرایبۆرگ، تەنها لای چەند کەسێکی نزیك خۆی هەبوو. تا فەیلەسوفەکەمان ببوایەتە ئایکۆنە و زیاتر خۆی پێ شت بوایە، ڕۆژنامەنوسان زۆرتر پەرۆشی بیستنی قسەیەکی دەبوون.

زۆر زوو لەکایەی فلسەفی فەرەنسیدا کاریگەری بەجێهێشت و شوێنی خۆی کردەوە، زوتریش زانکۆی فرایبۆرگ ئیعتیباری بۆ گێڕایەوە و بەوەش توانی لەوەرزی خوێندنی زستانەی ساڵی 1950دا، سەرلەنوێ دەست بەوتنەوەی دەرسگوتارەکانی بکاتەوە.

هەموان گوێ قوڵاغی قسەکانی دەبوون، کاتێك هۆشداری دەدا لەبارەی هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر وزەیەکی ئەتۆمی زۆر زەبەلاحدا و دژایەتی خۆی بۆ جینتەکنیك ڕادەگەیەنێت، بەوپێیەی ئەوە، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و سروشت. یاخود کاتێك باسی لەچرکەساتی کەینونی دەکرد، چرکەساتێك ئەو دنیایە هەرەسدێنێ کە لەسەر بنەمایەکی ماتماتیکی ورد ڕۆنراوە و خاڵییە لەهەر هەست و نەستێك.

مارتن هایدیگەر دوای جەنگ زۆرێکی زۆری نوسی و قسەی زۆریشی کرد، بەڵام ئەو قسانەی نە لەگەڵ ڕۆژنامەنوساندا کرد و نەلەبارەی ڕابردوی خۆیەوە بوون. ئەوەی شتێکی سەیر و چاوەڕوانەکراوبوو، ئەوەبوو دوای مردنی لە -26ئایاری1976-، گۆڤاری (دێرشبیگڵ)، گفتوگۆیەکی دور و درێژی ڕۆدۆڵف ئاوکشتاین و مارتن هایدیگەری بڵاوکردەوە.

ئەو گفتوگۆیە مانگی ئەیلولی 1966 ئەنجامدرابوو، بەڵام لەسەر داوای هایدیگەر دەبوو دوای لەدنیادەرچونی بڵاوبکرایەتەوە. ئەو ڕۆژەی ئاوکشتاین دەچێت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکە، بەترسێکی زۆرەوە دەچێت، لەبەرئەوەی لەبەردەم بیرمەندێکی ناوداردا ڕادەوەستێت. وەك گارسۆنی قاوەخانەیەك لە هایدیگەر نزیك دەبێتەوە و دەست بەجێش، پرسیاری یەکەمی بەمجۆرە دەست پێدەکات: (مرۆڤ واهەستدەکات بەرهەمە فەلسەفیەکانت، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەژێرکاریگەری هەندێ ڕوداوادا بوون کە لەژیانتدا زۆر نەماونەتەوە و تەواوبوون).

واتە پرسیارەکە بەشێوازی لێبوردنێکی گشتی بووە، تا ئەوشتانەی تێدایێت کە ڕەنگە هایدیگەر بۆ پاکانەکردن و بەرگریکردن لەخۆی، بیانخاتەڕوو.

هەر بەفیعلیش وابوو، هایدیگەر ئەو گفتوگۆیەی بەچاكترین شێوە قۆستەوە، تاخۆی وەك كەسێكی پەرێزخاوێن و ویژدان زیندوو نیشان بدات.

ڕەنگە هۆكاری بێدەنگیكردنی لەو شتانەی پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەبوو تامردنی، زۆر سادەبووبێت. ئاخر هایدیگەر دەیزانی بۆمبێكی تەوقیتكراوی سیاسی لە گۆڕێدایە و دەشێت لەهەر ئان و ساتێكدا بێت، بتەقێتەوە.

ئەوەبوو لە پایزی 1984 تەقیەوە. سەروەختێك (هۆكۆئەوت)ی مێژوونوس لە ئەرشیفی حكومەتدا، تۆمارێكی فەرمی دۆزییەوە كە هی وەزارەتی خوێندنی باڵابوو. ئەوەش لەكاتێكدا كەوتە بەردەستی (هۆكۆ ئەوت) كە خەریكی گەڕان بوو، لە دۆسێكانی مێژووی زانكۆدا.

سەروەختێك ئەو تۆمارە دەدۆزێتەوە، دەبینێت دۆسێی تایبەتی كیمیاناسی بەناوبانگ و خاوەن خەڵاتی نۆبڵ (هێرمەن شتاو دنگر)ی تێدایە و تێبینیەكی لەسەر نوسراوە. تێبینیەكە سكرتێری پەیمانگای باڵا نوسیویەتی و تێیدا هاتووە كە سەرۆكی زانكۆی فرایبۆرگ (واتە مارتن هایدیگەر)، لەكاتی سەردانیكردنیدا بۆ ئەو زانكۆیە لە كۆتاییەكانی ساڵی 1933، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاكێشاوە كە پێویستە ڕێوشوێنی سیاسی دژی شتاودنگر بگیرێتەبەر، ئەویش بەهۆی هەڵوێستی نەرم و نیانی لە شەڕ و بانگەشەكردنی بۆ ئاشتی. هۆكۆ ئەوت دەڵێت: (كە ئەوەم بینی باوەڕم نەكرد. جارێكی تر بەوردی بەتەواوی دۆسێكەدا چوومەوە.. بەهۆی ڕاپۆرت و زمان لێدانی هایدیگەرەوە- نەك شتێكی دیكە- لەلایەن گستاپۆوە، شتاودنگر دادگایی دەكرێت و هایدیگەریش لەوبارەیەوە وردەكاری زۆریان پێدەدات).

پرسی شتاودنگر، سەرلەنوێ مشتومڕی نوێی دەربارەی هایدیگەر هێنایە ئارا. لەلایەكی دیكەوە بەیانكردنی لاپەڕەیەكی تەلیسماوی دیكە، لەبارەی جادوبازەكەی مێسكرشەوە كە هانا ئارێنت ئاماژەی پێداو تێیدا دەڵێت: (ئەنگێزەی هایدیگەر بۆ ستەمكاری، شتێكە تەواوی بیرمەندە مەزنەكان بەشدارن تێیدا، هەر لە ئەفلاتۆنەوە تا نیتشە).

كوڕەزایەكی كە ڕێی بەخۆی داوە بەشێوازی تایبەتی خۆی لە پاپیری تێبگات، دەڵێت: (هایدیگەر زۆر پێش زانستی ئایكۆلۆژی كەوتووە. ئەوەش نەك هەرتەنها لەڕێی ئەزمونی تایبەتی خۆیەوەو گوزەراندنی ژیان بەشێوەیەكی سادە و ساكار، یان هەربەتەنها لەڕێی ڕەخنە توندەكانیەوە لە گەشە و پێشكەوتنی تەكنیك كە دەبێتە مایەی كۆنترۆڵكردن و بە كۆیلەكردنی مرۆڤ، بەڵكو بەپلەی یەكەم لەڕێی بڕوابونی بەوەی دەبێت مرۆڤ لەناوەوە خۆی بگۆڕێت، گەر بیەوێت دەستبەرداری ئازادی خۆی نەبێت).

(تەنها لەو پانتاییەی دنیادا كە تەكنۆلۆژیای مۆدێرنی تێدا لەدایك بووە، دەشێت پرۆسەی گەڕانەوە دەست پێبكات)، هایدیگەر وەها دەڵێت. (بارۆ ش كە لەهەموو ئەندامانی ڕێكخراوی مارتن هایدیگەر تەمەنی خوارترە، پێیوایە: (خەسڵەتی جێرمانی بەفیعلی دەتوانێت، بەشداری لە تیماركردنی جیهاندا بكات).

شتگەلێك هەیە لەبری سوردگەیاندن بەئەڵمانەكان بەزیان گەیاندن شكاوەتەوە. بارۆ بەنمونە هێناوەوە بەوتەیەكی (تۆماس مان)، وەها دەڵێت. بەڵام ئەوان خوازیاری ئەوەن ڕۆژێك بێت، بتوانن ئەو دەستەواژەیە هەڵگێڕنەوە.

گومانی تێدانییە هێشتا داهاتویەكی گەورە چاوەڕوانی جادوبازەكەی مێسكرش دەكات، لەسەردەمی مشتومڕی مێژوویی دەربارەی تاوانەكانی دوێنێ و خەونەكانی سبەینێ، لەپێناو یەكخستنەوە و هەستانەوەی ئەڵمانیادا.

یەكێك لە پسپۆڕانی فەلسەفەی هایدیگەر، بە سەرسوڕمانێكی زۆرەوە دەنوسێت: (ڕۆحی سەردەم ڕووە و هەرلایەك مل بنێ، لەوێدا مارتن هایدیگەر بەدی دەكەیت).